# سەرۆكی ئێمە
# و
# سەرۆكەكەی ئەوان



كارمەند بەكر
Karmand83atv@yahoo.com

سەرۆكی تازە هەڵبژێرراوی بۆلیڤیا كە سەركردایەتی خۆپیشاندانی ولاتەكەی كرد بۆ خۆماڵیكردنی گازی سروشتی ولاتەكەی ،بڕیاریشی دا نیوەی موچەی خۆی وەك سەرۆك بگەڕێنێتەوە بۆ حكومەت ، بۆ ئەوەی كە حكومەتی بۆلیڤیا نیوەی موچەی ئەم سەرۆكە بداتە ماڵێكی هەژاری ولاتەكەی و ئەم گەڕانەوەی موچەیەش نەك سەرۆكی ولات تەواوی وەزیران و ئەندامانی پەڕلەمانی سەر بە پارتەكەی گرتۆتەوە ، لە هەنگاوێكی تریشدا دەیەوێت یاسایی ساڵی 1985 ی ولاتەكەی هەڵوەشێنێتەوە كە موڵكایەتی گشتی دەداتە كەرتی تایبەت ، ئالێرەوە سەرۆكی بۆلیڤیادەنگی زۆربەی دانیشتوانی ولاتەكەی بۆ خۆی كۆدەكاتەوە و ئەگەر سەرنج بدەین و وردبینەوە دەبینین سەرۆكی ئەو ولاتە نەخشەیەكی سیاسی و كۆمەلایەتی وئابوری تۆكمەی پێە بۆ گەلەكەی و ئەگەر چی سەرۆكیشە بەلاّم خۆی لە هەر تاكێكی تری ولا تەكەی جیانەكردۆتەوە .

لەسەرۆكی بۆلیڤیادائەوەی كە زیاتر سەرنج ڕادەكێشێ لە خانویەكدا دەژی كرێچیە و چەند ماڵێكی تری لەگەڵ دایە ،بۆ منی هاولاّتی ڕۆژهەلاّتی ئەمە كارێكی سەیرە و باوەڕپێكردنم پێی گرانە ،چونكە من لە تەواوی سەرۆكەكانی ولاّتانی ڕۆژهەلاّتم نەبینیوە بە ولاّتانی ئەوروپاشەوە كە سەرۆكی ولاّتێك كرێچی بێت و نیوەی موچەكەی بۆ هەژارانی ولاّتەكەی بگەڕێنێتەوە .

ئێمە وا فێر بووین كە سەرۆكی ولاّت دەبێت لە شاشەی تەلەفزیۆنەكانەوە ببینین و گەیشتنە لایان دەستكەوتێكی زۆر گەورەیە لەبەر ئەوەی ئەوەی كە خوا پێداو نەبێت ناگاتە لای سەرۆك و ئەو دەبێت تەواوی پێداویستیەكانی ئامادە بێت و زۆر دووربێت لە كۆمەڵگاوە ، ئێمەی هاولاّتیش وا ڕاهاتووین كە سوێند بە سەری سەرۆك بخۆین و ئەوەندەی سەرۆكمان پیرۆز كردووە نیو هێندە كاتمان نەداوە بۆ ئەوەی كە بڕگەیەكی مافەكانی مرۆڤ لە بەر بكەین و لە هەستی خۆمان دا لێكی بدەینەوە و ڕۆژێك لە ڕۆژان كاری پێبكەین ،سەرۆك لای ئێمە پیرۆزو گەورەیە و ناو هێنانی بە بێ جەناب یان بەڕێز تاوانە لە كاتێك دا لە بیرمان چۆتەوە كە سەرۆكی ولاّتەكەشمان تاكێكی كۆمەڵگاكەشمانە و ئەو دوێنێ مناڵێكی گەڕەكەكەمان بووە و ئێستا سەرۆكە.

یەكێك لە هەڵە بیركردنەوە و تێفكرینەكانی ئێمە ئەوەیە كە بەردەوام كەسایەتی و نوسراو ودەقەكان بە پیرۆز و ناڕەخنەگرانە تەماشا دەكەین و لێكدانەوە و قسە كردن لە سەری بڤەیە و لە ئەستۆ گرتنی تاوانێكی گەورەیە كە دەبێت كۆتایی ژیانمان بێت یان زیندانی حزبە

دەسەلاّتدارەکان چاوەڕوا نمانن، لە کاتێك دا هیچ شتێك نیە شایەنی ڕەخنە و لێکدانە وەو گۆڕانکاری نەبێت ، دەکرێت لێرەوە بڵێن هەر کۆمەڵگایەك کە تاکەکانی لە سەر ئەو بیر و لێکدانەوەیە ڕاهاتبن و بڕوایان پێی بێت کۆمەڵگایەك دەبێت کە گەرایی دیکتاتۆریەت زوو تیایدا چەکەرە دەکات و گەندەڵی تیایدا دەگاتە تەواوی کایە و کوچەکانی ماڵ و دەزگا و ئەو دوایی بەشەکانی ئەو کۆمەڵگایە .

سەرۆك دەبێت وەکو هەر ئەندام و تاکێکی ولاّت تەماشابکرێت و لە کاتێك دا ئەوی سەرۆك کۆمەڵێك بەرپرسیارێتی هەڵگرتووە کە بایی ئەوەندە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت نەك ببێتە خاوەن مەنصەب و بڕیاردەرییەکلایەنەی تەواوی گۆڕانکاریەکان و نەکاتی هەبێت بۆ پشوو نە بەرهەمێکی هەبێت بۆ کۆمەڵگاش .

دەبێت کەی بێت بگەینە ئەو ئاستەی کە هوشیاریەکی وا پەیدا بکەین کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕوانینە هەموو بەرهەم و گۆڕانکاریەك تاوەکو زۆرترین بەرهەم و کەمترین زیان بکەین و لە بەرامبەر هەر بڕیار و دەقێکی نامەعقول بێینە قسە و ئەو کلاّوی بێدەگیە لە سەر سەرمان لابەرین کە بێدەنگ بین و لە ئاستی پێشێلکردنی مافەکا نمان قڕوقە پی لێبکەین ، کە بۆ بەرپرسەکان هەموو شتێك و تەواوی پێداویستەکان هەبێت و بۆ منی هاولاّتیش نە کارەبام هەبێت لە بەر ئەوەی کە باران نابارێت و نە پێداویستیەکانی سەرەتایی ژیانم بۆ دەستەبەر بێت لەبەر ئەوەی کە دەنگ ناکەم و یەکێك لە خراپ ترین کارەکانی حکومەت ئەوەیە کە تاوەکو
هاولاّتیان نەڕژێنە سەر شەقامەکان کار نەکات بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان و بەردەوام دەبێت بە ئاگایی بێنیتەوە و ئینجا بەڵێنی چارەسەر کردن دەدات بۆ ئەوەی کە بێدەنگ بیت نەك خزمەتت بکات ،چونکە حکومەت و هەموو بەرپرسێك دەبێت خزمەت کەری کۆمەڵگا بێت نەك هاولاّتیانی خزمەت کەری بن.

خۆزگە سەرۆکەکانی ئێمەش ناڵێم وەکو سەرۆکی بۆلیڤیا بن بەلاّم بیرکردنەوە خراپ نیە ، ئیتر نە بە سەیارەی جام تاریك بدەن بە لاماندا و نە لە شوێنێکشدا بژین کە حەوت گەڕەکیش دوور لە ئەوان هەر تایبەت بێت پێیان ، ئەوانیش بزانن نەبونی کارەبا چیە و گرانی بازاڕ چۆنە ، کرێچیێتی خۆشە یان نەبوونی ئاو ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟ ...........